# ئەوەی پشی پشی بۆ پشیلەکان بکات
# نابێ پرسیار بکات جووجەڵەکان چیان بەسەر هات ! (*)

کامیل فەخرەدین

ئەگەر خۆمان گێل نەکەین هەمووما ئەزانین شێخ زانا
لە چ دەرگایەکەوە هاتووەو کلیلی کام قوفڵی پێیە!

★ ★ ★

ئەگەر 11 ی سەبتەمبەرهاوکێشەکانی دونیای گۆری یان گۆرانی بەسەردا هێنا.. .. ئەوا شێخ زانای تیرۆریست و گروپەکەی کۆمەڵگەی کوردی دەگۆرێ .

کومەڵگەیەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی کوردی کە پرسیاری نی‌یە و بێ‌پرسیار بەرێوە دەچێ ..لێرە بە دواوە گومانەکانی هەر تاکێك لە جادە پرسیاری شەرمنی لا دروست دەبێ .

لێرە بەدواوە دەسپێکی گومان دەبێ لە کۆمەڵگەی کوردی ؛ پرسیار لە هەموو شتێکی ئاسایی و نائاسایی چونکە گومان ئەکەوێتە نێو هەموو ماڵێکەوە .. بۆ هەر پرسیارێکیش وەڵامەکان یان پچڕ پچڕ دەبن یان بێ وەڵام دەبن بۆیە سەرگەردانیەکی کۆمەڵایەتی دەست پێ‌دەکات .

سەرگەردانی لەوەی هەر باوکێك گومانی لە کورو کچەکانی‌خۆی دەبێ . ..بە پێچەوانەوەش کورەکان گومانیان لە باوکیان دەبێ و کچەکانیش لە خۆشەویستەکانیان .. شۆفێرێکی تاکسی لە نەفەرەکەی هەڵی‌دەگرێ .. دوکانداری لە مشتەریەکەی کە رۆژانە دەیبینێ .. مەسئوڵێ گومانی لە پاسەوانەکەی دەبێ .. ئیدی مدیر عامەکان لە شوێنی کارکردنیان چا و ئاو ناخۆنەوە گومانیان دەبێ.. ئەگەر پیاوە دەوڵەمەندەکەی گەرەك قوربانی کردو گۆشتی بەخشیەوە دراوسێکان بە گومانەوە وەریدەگرن و هەر بەگومانیشەوە دەڵێن : خێرتان بنوسێ .

ئیدی هەموو شتەکان دەکەونە بەر گومان و هەندێك جاریش کە وەڵامی دەست نەکەوێ دەکەونە بەرنەعلەت.. هەموو ئەو گومانانە شەرێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکا بەر لە هەر کەسێك شەڕ لەگەڵ خودی خۆت لەبەر ئەوەی گومانە زۆرەکانت ئەتترسێنێ و متمانەت بۆ کەسەکانی دەورویشتت ناهێڵێ .

هەموو ئەم گومانانە لەوێوە دەست پێ‌دەکات کە بکەری دیاردەکە (شێخ زانا)ی‌تیرۆریست و گروپەکەی کوردن و لە کۆڵان و جادەو ماڵەکانماندا دەسورێنەوەو رۆژانە دەیان بینین.. خۆ ئەگەر لە قەومێکی دیکە بوونایە هێند بە گران ڕانەئەوەستایەوە .. ئەگەر لەوەو بەر ئەمان گووت تیرۆریستان لە دەرەوە بۆمان ئەنێرن لە ئێستادا دەزانین لە نێو ژوورو ماڵەکانی خۆماندان و لەگەڵماندا لەسەر یەك سفرەو مێز نان دەخۆین و رۆژانە تەوقەیان لەگەڵ دەکەین.

مرۆڤی بچووك لەبەردەم بوختان و کاری چەواشەکاری دا دەکەوێتە بەردەم پرۆسەی تۆقاندن .. لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بەدەر نی‌یە لە پیاوی بچووك و گرگن و چەندین گرێ و گرفت و ڤایرۆسی دژ بە کۆمەڵگەیان هەڵگرتووە و تۆقاندن دەبێتە بابەتی سەرەکیان.. ئەوەی شێخ زانا و گروپەکەیان بە ئەنجامیان گەیان تۆقاندنە .. کۆمەڵگەی ئێمەش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی داخراو هەمیشە لەبەردەم دڵەراوکێ و دیاردەو رووداوە فکری و تەکنەلۆژیاکانی جیهاندا لە گێژاوی قبوڵکردن و رەتکردنەوەدایە .. بەدەریش نی‌یە لە بوونی پیاوی بچووك و گرگن تیایدا هەر بۆیە ئەو رەفتارە وەحشیانەی کە گرووپە ئیرهابیەکان بە ئەنجامی دەگەیەنن بێ بوونی هیچ بەهاو ئایدیایەك و میتۆدێکی ئینسانین ئەوان کاری تۆقاندن و توندو تیژی دەکەن بۆ بچووك کردنەوەی سنورەکانی ژیان و دەیانەوێ وێنایەکی سامناك بە ژیان ببەخشن چونکە پێیان وایە لەو رێگەیەوە دەتوانن خەونە بێ‌هودەکانیان بەرجەستە بکەن .

ئەوان لە ڕێگەیەکەوە دێن یان باشتر بڵێین لە دەرگایەکەوە دێن کە دەچنە ماڵی ئایین .. بۆ ئەم بابەتە قسەیەکی (سارامگۆ ) دەکەمە نموونە کە دەڵێت ( کاتێك موژدەبەرەکان هاتن ئێمە خاوەنی زەویەکانمان بووین ئەوانیش خاوەنی کتێبەکانیان بوون ؛ بۆ ساتێکی نوێژ چاوەکانمان داخست کە چاومان کردەوە بینیمان ئێمە خاوەنی کتێبە پیرۆزەکانین و ئەوانیش خاوەنی زەویەکانی ئێمەن ).

دەڵێن : یەکەم مەبدەئی شەڕ ئەوەیە کە دوژمنەکەت بناسی .. وەڵێ شەڕی ئەم جارەمان شەڕی کۆمەڵایەتی‌یە شەڕێکە کە دەکرێت هەمووومان بەشدار بین شەڕێکە کە تۆ دوژمنەکەت نە دەبینی نە دەشزانی کێیە! چونکە هەندێك جار دوژمنەکەت لەتەنیشتت ڕاوەستاوە یان لەماڵی تۆدایە بۆیە لێرە بەدواوە پرۆسەی (گەڕان ) لەلای هەر تاکێکی کوردستانی دەست پێدەکات گەڕان بەدوای پیاوە بچووك و گرگنەکانی نێو ماڵەکان نێو جادەکان گەڕان بە شوێن نادیارەکان و نائاشکراکان تا بتوانین دیارو ئاشکرایان بکەین و نەخشەو پلانەکانی پیاوە بچووك و گرگنەکان پووچ بکەینەوە .

دواتر دەبێ هەموو ئەوە بزانین ( هەر حەرامێك و قەدەغەکراوێك یان هەر نهێنی‌یەك هەر گفتوگۆیەك کە لە ژوورە داخراوەکان دەکرێت دەبێ هەر هەمووومان بیزانین ) دەنا قەت ناتوانین هاووڵاتیی‌یەکی ئازادو ئاسوودەی ناو کۆمەڵگە بین .

2005 - 7- 18